ئەم بابەتە لە بەرواری 2014/08/02 لە لایەن م.محمدرافع لە شاری هەولێر گوتراوەتەوە و لەلایەن دۆستان و قوتابییەکانی نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە.

**تایبەتمەندی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە نێوان پێغەمبەران(علیهم السلام):**

**ئەم وشانەی کەوا تەنیا لۆ پێغەمبەرمان بەکارهاتووە لە نێو قورئان**

**(الاستغفار) بۆچ بوارێك هاتوو؟ هەستی (إستغفار)کردن کەی پەیدا دەبێت؟**

**ئایا (ذنب)ی پێغەمبەرمان لەوەبوو کەمتر لە داواکراوی دەکرد یان زیاتری ئەنجام دەدا؟**

**لێیان ببورە(عفو)یان بکە... و (أستغفار)یان لۆ بکە... و پایەداریان بکە... ئەمە یاسایەکی مامەڵەی پێغەمبەر(علیه اللام و البرکات) لەگەڵ ئیمانداران.**

**کەمتەرخەمیکردن ستەمکردنە لە نەفسی کەسەکە خۆی...**

**چارەی چییە؟ بە چەند هەنگاو ئەنجام دەدرێت؟**

**بە دەستهێنانی خۆشەویستی خودای ڕەحمان چۆن دەکرێت؟**

**هاوڕێیەتی(المصاحبة):**

**کێ دەبێتە هاوڕێی کێ و سودی هاوڕێیەتییەی پێغەمبەرمان چییە؟**

**بوونی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەسەر زەوی ڕێگری ئازارە...**

**لە دوای ئەو چی دەبێتە ڕێگر لە ئازاردان؟**

**سادەترین پێناسەی ئیمان واتە: ژیان لەگەڵ...**

**کاتێك خەڵکەکان سوود نابینن لە هاوڕێیەتی پێغەمبەرەکەیان**

**جیاوازی نێوان (سراجا وهاجا) و (سراج المنیر)؟ و پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەکامە جۆریانە؟**

وەك لە وانەکانی ڕابردوو باسی سیرەمان دەکرد ئەویش بە شێوازێکی نوێ و دەرخستنی لایەنی قورئانی لە ژیاننامەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، مەبەستیشمان ئەوەبووە کە بتوانین **پلەو پایەی پێغەمبەرمان بخەینە ڕوو:**

1- مەقامی پێغەمبەرمان چۆن وەسف کراوە لەلایەن خودای ڕەحمان؟

2- لە نێو پێغەمبەران چ پلەو پایەکی پێدراوە؟

3- پاشان گرۆی ئیمانداران و تەنانەت مەخلوقاتیش تێڕوانینیان چی بووە بەرامبەر پێغەمبەرمان؟

**تایبەتمەندی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە نێوان پێغەمبەران(علیهم السلام):**

تاکو بتوانین پێناسەی ڕاستەقینەی پێغەمبەرمان بکەین، پێشتر گوتمان ئەگەر هاتوو مەقامی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە نێو پێغەمبەران دەسنیشان بکەین و بزانین کردارییانە چ ڕۆڵێکی هەبووە لەنێو پێغەمبەران (أنبیاء)(علیهم السلام) دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت کەوا پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) کۆتا پێغەمبەرە، دەبێ لەسەردەمی ئەو و تا ڕۆژی دوایی (قیام الساعة) هەرچی لە نەتەوەکانی ڕابردوو هەیە کە ئیمانیان بە پێغەمبەرانی خۆیان هێنابێت، ئەوانە هەموو بە میرات لۆ پێغەمبەرمان ماونەتەوە، پێغەمبەریشمان(علیه السلام و البرکات) دەبێ لە ئاستی پێغەمبەری ئەوان قسەیان ئاڕاستە بکات، لۆ ئەوەی کردارییانە بتوانێت ڕوونکردن و پێڕاگەیاندن ڕێنموونکارییی (بیان و تبلیغ و ترشید) و هۆکاری ڕێنموونی بێت لۆیان، تا ڕۆژی دواییش ئەوان بەهانەیان نەبێت لەلای رب العالمین، لۆیە خودای ڕەحمان لە زۆر جێگە کاتێك ئاماژە بە هەڵوێستی پێغەمبەر دەکات لەم لایەنەوە ئاماژە دەکات کەوا (و إذکر) واتە ذیکری ئەو پێغەمبەرانە بکە، جێشوێنیان بزانە و ببینە، کەواتە فایلەکانی پێغەمبەران هەموویان لەلای پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بووە، و پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە ئاستی پێغەمبەران لەگەڵ نەتەوەی پێغەمبەران مامەڵەی کردووە، ئەمە

تایبەتمەندی پێغەمبەرمان بوو بەگوێرەی پێغەمبەران. کە داواکراو بوو هەموویان ئیمانی پێ بێنن و بین بە سەرباز لەلای.

لە درێژەی باسەکەمان بەردەوام دەبین کە بریتی بوو لە ئەم وشانەی کەوا تەنیا لۆ پێغەمبەرمان بەکارهاتووە لە نێو قورئان، یاخود زیاتر مەقامی پێغەمبەرمانی(علیه السلام و البرکات) دەستنیشان کردووە.

**ئەم وشانەی کەوا تەنیا لۆ پێغەمبەرمان بەکارهاتووە لە نێو قورئان**

**(الاستغفار) بۆچ بوارێك هاتوو؟ هەستی (إستغفار)کردن کەی پەیدا دەبێت؟**

**ئایا (إستغفار) بۆ (عصیان) هاتووە؟**

یەکێك لەم وشانەی دەمەوێت لە خزمەتتان ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەم بریتییە لە وشەی (إستغفار)، وشەی (إستغفار) لە نێو قورئان لەگەڵ وشەی (التوبة) جیاوازییەکی زۆری هەیە، وشەی (إستغفار) حاڵەتێکە زیاتر بواری (أمر) دەگرێتەوە نەك (النهي)، ئەگەر بێتوو قورئان دابەش بکەینە دوو بەش، بەشێکیان فەرمایشتەکانی پەروەردگارییانەیە کە فەرموویەتی وا بکەن، بەشەکەی تری فەرموویەتی ئەوها مەکەن، ئەوەی یەکەم پێی دەگووترێت بواری فەرمانیی (باب الأمر)، ئەوەی دووەمیش پێی دەگووترێت بواری نەهی کردن (باب النهي)، وشەی (إستغفار) زیاتر دەچێتە بواری (أمر)، حاڵەتێکی دیاریکراوە مرۆڤ لە بواری (أمر) فەرمانەکەی لۆ جێبەجێ ناکرێت، ئەو فەرمانەی کە خودای ڕەحمان فەرموویەتی ناتوانێت داییەزێنێتە سەر ئەرزی واقیع لە ڕووی دەروونییەوە تووشی حاڵەتێك دەبێت، دەیەوێت چارەسەری حاڵەتێك بکات کە لە نێوانی خۆی و نێوان خودای ڕەحمانە، هەستێك دروست دەبێت، ئەو هەستە پێی دەگوترێت (إستغفار) داوای (غفران)، لۆیە رب العالمین بە دوو ناو(إسم) وەڵامی دەداتەوە، ئەویش (غفور)یە یان (غفار)یە، هەردووکیان لە قورئاندا بوونیان هەیە، کەواتە ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە بە کردارییانە مرۆڤ بەامبەر خودای خۆی هەست دەکات کەمتەرخەمییەکی هەبووە، دەیەوێت ئەو کەموکوڕییەی دەربیڕێت بەرامبەر خودای ڕەحمان، جا ئەو حاڵەتە دەروونییە پێی دەگوترێت (إستغفار)، جاروبار بە زمانیش دەردەبڕدرێت، جا (إستغفار)کرد لە بورای (إفعل)ە، ئەگەر پێی نەکرا ئەو کاتە پێی دەگوترێت کابرایەکی کەمتەرخەم (مقصر)، هەرکەسێك لە ئێمە فەرمانی پێکرابوو یان لەبەر هەر هۆکارێك لۆی نەکرا ئەو فەرمانە دابەزێنێتە واقیع ئەو حاڵەتە پێی دەگوترێت کەمتەرخەمی(قصور)، بەڵام ئەگەر هاتوو (نهي) لە شتێك کرابوو، ئەو هات و (نهي) لێکراوەکەی ئەنجام دا پێی دەگوترێت لە فەرمان دەرچوون (عصیان)، جا کەمتەرخەمی (قصور) جیاوازی هەیە (عصیان)، لۆ نموونە ئادەم(علیه السلام) پێی گووترا"(لاَ تَقْرَبَا هَـٰذِهِ الشَّجَرَةَ)(الأعراف19) واتە لێی قەدەغە کرا کە لەم دارە نزیك ببێتەوە، ئادەم نەك لێی نزیك بوویەوە بەڵکو"(فَأَكَلَا مِنْهَا)(طه121)، لێرەدا قەدەغەلێکردن (نهي)ێکی شکاند، پێویست بوو ئەو قەدەغەلێکراوە ئەنجام نەدات، بەڵام ئەنجامی دا! خودای ڕەحمان چۆنی دەناسێنێت؟ دەفەرمووێت"(وَعَصَىٰ آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَىٰ)(طه121).

(مغفرة)مان هەیە کەوا (إستغفار) بەرهەم دێنێت، ئەمە لە بواری (أمر)ە، حاڵەتێکی دیمان هەیە ئەویش قەدەغەلێکردن (نهي)، ئەوەی فەرمانی پێکرا لە نێو بازنەی قبوڵ واتە بازنەی فەرمایشتەکانی پەرستشی، جا لە نێو ئەم بازنەیە ئەم فەرمایشتەی جێبەجێ نەکرد پێیدەگوترێت کەمتەرخەمی (القصور) یان (ذنب)، ئەو (ذنب)ەش بە (إستغفار) چارەسەر دەکرێت، لۆیە پێشبینی کراوە مرۆڤی ئیماندار ڕۆژێ (70) جار لە ساتی جووڵە و چالاکی پەرستشی و ڕۆژانەی کەمتەرخەمی هەبێت، لە (70) جۆر، لۆیە پێغەمبەرمان دەفەرمووێت: [إني لأستغفر الله في اليوم سبعين مرة] ئەویش لەم بوارەیە کە لە ساتی دابەزاندنی فەرمایشتەکان لۆ واقیع کەمتەرخەمی (قصور)ی هەیە، بەم جۆرە ناتوانێت ئەنجامی بدات کە خودای ڕەحمان ویستوویەتی.

**ئایا (ذنب)ی پێغەمبەرمان لەوەبوو کەمتر لە داواکراوی دەکرد، یان زیاتری ئەنجام دەدا؟**

لۆ نموونە خودای ڕەحمان ویستوویەتی لە سەدا سەد بیکات، جاروبار پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە (120%)ی ئەنجام دەدا، ئەمە کەمتەرخەمیی (قصور)ە، لۆیە دەفەرمووێت: (لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ)(الفتح2)، باسەکە باسی چییە؟ (مِن ذَنبِكَ) باسی (ذنب)ە باسی عصیان نییە، کەواتە پێغەمبەرمان (عاصي) نەبووە، بەڵام کەمتەرخەمی (قصور)ی هەبووە، لۆ نموونە پێی گوتراوە (10) دینار بکە بە خێر، ئەو هەڵدەستا (15) دیناری دەکردە خێر، لەبەرئەوەی (15)ی کردە خێر، کەواتە پێنج دیناری لە جێگەیەکی دی ڕاکێشاوە، لەسەر حیسابی خۆی، لەسەر حیسابی

ماڵ و منداڵەکانی، هەروەها لەسەر حیسابی تەندروستی خۆی، لایەنی کۆمەڵایەتی خۆی، ئەمە (ذنب)ە، ئەگەر کەمیشی بکردبا هەر بریتی بوو لە (ذنب)، لۆ زانین پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) هەموو لە ئاستی خۆی زیاتری کردووە، کەسایەتی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) بەم جۆرە بووە، کە هەردەم لە بوار (باب)ی فەرمایشتەکان(أمر) هەردەم لە ڕێژەی سەدییەکەی زیاتری ئەنجامداوە، لۆیە هەرچی ئاگادارکردنەوەکان هەیە، لۆ پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) هاتبێت لە قورئان ئەوا بە ئەرێنی هاتووە، لۆ نموونە: (عَفَا اللهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ)(التوبة43) هەی خودا عەفوت بکات لۆ ئیزنت دان تاکو نەیەن بەشدای قتال نەکەن لەگەڵت؟ ئەمە هەمووی لە بواری فەرمان (أمر)ە، هەرچی لە بوار(باب)ی (أمر) لە بازنەی پەرستشەکان نەکرا، پێی دەگوترێت (ذنب)، ئەوەی لە بواری قەدەغەلێکراوەکان(منهيات) نەکرا ئەوا پێی دەوترێت (عصیان)، لیە خودای ڕەحمان بە ئادەمی فەرموو: (وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ)(البقرة35) کەچی ئەوان (فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ) ئەنجامەکەی چی بوو؟ (وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى)(طه121)، لێرە پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) دەربارەی خۆی بوو، ئەی دەربارەی نەتەوەکەی چۆنە؟ نەتەوەکەشی هەمان شتە، دەچینە خزمەت ئەو ئایاتانەی کە خودای ڕەحمان(ﷻ) ئاماژەی لۆ کردووە بە گوێرەی ئەو دایبەزاندووە، لە سوڕەتی (الفتح) دەفەرمووێت: (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً * لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطاً مُّسْتَقِيماً)(الفتح1-2) جارێ ئایین لێرە تەواو نەبووە، لۆیە دەفەرمووێت: (وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ) تاکو ئێستا تەواو نەبووە، لە شوێنێکی دی دەفەرمووێت"(الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً)(المائدة3)، لۆ زانین کە لێرە ئەگەرچی ئایینیش تەواو نەبووە و نیعمەتی خودای ڕەحمان تەواو نەبووە لەسەر پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات)، بێگومان وشەی (نِعْمةَ) لێرە مەبەستی بریتییە لە: (اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ * صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ)(الفاتحة6-7) مەبەستی ئەم (أَنعَمتَ)یە، ئەگەرچی جارێ ئەو (نعمة)ەش تەواو نەبووە واتە چی؟ جارێ پەیامەکە تەواو نەبووە ئەرکی پەیامبەرێتی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) تەواو نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش خودای ڕەحمان هەرچی کەمتەرخەمییەکان هەیە (إستغفار)ی لۆ کردووە، خودای ڕەحمان (غفران)ی لۆ بەکارهێناوە، (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً * لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ)(الفتح1-2) واتە هەرچی کەمتەرخەمییەکی هەیە پێغەمبەرمان، کە پێشتر کردبێتی یان ئەوەی لە دواڕۆژ دەیکات، واتە لە داهاتوو، خودای ڕەحمان هەمووی لۆ (غفر) کردووە، گرۆی ئیمانداران چی دەڵێن؟ (آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ)(البقرة285) هەموو ئەمە لە بوار (باب)ی کەمتەرخەمییە، نەك لە (باب)ی (عصیان) بێت، واتە ڕوونتر زاناکانمان خودا بیانبوورێت وایان لە ئێمە گەیاندووە، ئەگەر هاتوو ئێمە گوناه (عصیان)مان کرد ئەوا ئێمە (إستغفار) دەکەین، کەچی لۆ زانین (إستغفار) لۆ گوناه (عصیان) نەهاتووە، بەڵکو (توبة) لۆ گوناه هاتووە، واتە دەبێت مرۆڤەکە بە یەکجاریی واز بێنێت لە گوناهەکە، بەڵام ئەوەی کەمتەرخەمییە زۆر چاوەڕوانکراوە ڕۆژانە ئەو کەمتەرخەمییەی دووبارە بکاتەوە، کەواتە جیاوازی هەیە لە نێوان (عصیان) لەگەڵ (قصور) هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان (عصیان) لەگەڵ (ذنب)، (ذنب) (إستغفار)ی لۆ بەکاردێ، هەرچی (عصیان)ە (توبة)ی لەگەڵ بەکاردێت، لێرەش گرۆی ئیمانداران چی دەڵێن؟ (غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ)(البقرة285)، لێرە لۆ ئەو (غفران)ە؟ لەوانەیە ئەو ئیمانە کە دایدەبەزێننە سەر ئەرزی واقیع کەمتەرخەمییان هەبێت، حاڵەتەکەش ئاساییە، کاتێك کەمتەرخەمیی هەبێت دەبێ خودا ڕەحمان لۆیان تەواو بکات، جا ئەمەش یان بە چەمکی (غفور)ی یان بە چەمکی (غفار)ی، چونکە خودای ڕەحمان جگە لە سەدا سەد پێی ڕازی نابێت، هیچ پەرستشێك جگە لە سەدا سەد قەبوڵ ناکات، دەپرسین ئەگەر هاتوو کەمتەرخەمییەك هەبوو؟ وەکو باسمان کرد کە پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) لە سەدا (120) ئەنجام دەدات، کابرایەکی دی (60%) کارەکان ئەنجام دەدات، خودای ڕەحمان ئەو (40%)یەی کەمە بە چەمکی (غفران و غفور و غفار) لۆی پڕ دەکاتەوە، ئینجا لێی قەبوڵ دەکات، خودای ڕەحمان بە ڕێژەی (60%) شتەکان قەبوڵ ناکات، ئەوەی پێغەمبەرمان (20%)ی لێ هەڵدەگرێت، لۆی دەکاتە (100%) ئینجا لێی قەبوڵ دەکات، لۆیە هەموویان (وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا) لەسەرەتا (آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ) بابەتەکە ئا لێرەیە (سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا) واتە دابەزاندنی فەرمایشتەکانی ئەو ئیمانەی لۆ واقیع لەوانەیە کەمتەرخەمیی هەبێت، لەم (إطاعة)یە (قصور) هەیە، یان ئەوەتا زیاد دەکرێت یان ئەوەتا کەم دەکرێت، چار چییە لۆ ئەم حاڵەتەی؟ (غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ)(البقرة285)

**لێیان ببورە(عفو)یان بکە... و (أستغفار)یان لۆ بکە... و پایەداریان بکە...**

**یاسایەکی مامەڵەی پێغەمبەر(عليه اللام و البركات) لەگەڵ ئیمانداران.**

له دوای ئەمە: (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ إِنَّ اللهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ)(آل عمران159)، ئەم حاڵەتە (وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ) پێغەمبەر هەبووە ڕێگەی مامەڵەکردنی پەرچەکردار و توندی تێدا بووە! لۆیە کە دێین سەیری ژمارەی نەتەوەکەی دەکەین کاریگەرییە کەسییەکانی خۆی لەسەر نەتەوەکەی دیار و ڕوونە! بەڵام هەچی پێغەمبەرمانە(عليه السلام و البركات) (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ) وشەی (فَاعْفُ عَنْهُمْ) لەگەڵ خودایەتی؟ (فَاعْفُ عَنْهُمْ) ئینجا (وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ)، کێ (عفو)یان بکات؟ بێگومان پێغەمبەرمان، باسەکە باسی پێغەمبەرمانە(عليه اللام و البركات)، (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللهِ لِنتَ لَهُمْ)، (وَلَوْ كُنتَ) دیسان باسی ئەوە، (وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ) دیسان باسی پێغەمبەرمانە(عليه اللام و البركات)، کەواتە خودای ڕەحمان لایەنی بەرامبەر باس ناکات، لایەنی بەرامبەر کێیە؟ کەواتە لە گرۆی ئیمانداران کەمتەرخەمی هەیە، کێشەیەك هەیە لەلایان، لە ساتی جووڵەکردن لە خزمەتیدا کێشە (إشکال)یان لۆ خۆیان دروست کردووە، ئەم کێشە (إشکالیة)تە ئیمانداران لە نێوان خۆیان و لە نێوان خودای ڕەحمان دروستی دەکەن، لە ساتی جوولەکردن هەڵە دەکەن، پێغەمبەرمان دەبێ بە ڕەحمەتی خۆی، و بە دڵفراوانی خۆی مامەڵەیان لەگەڵ بکات، ئەوانەی کە هەڵەیان کردووە ئەوانن، نەك پێغەمبەرمان بێت، جا دەبێ پێغەمبەرمان (عفو)یان بکات، واتە لێرە جێشوێن(أثر)ی گرۆی ئیمانداران دیار نییە، لەبەر ڕێز و پایەدارکردنیان، کۆمەڵێك هەڵەیان کردووە، دەبێ پێغەمبەر(عليه اللام و البركات) لێیان ببورێت، لە هەمان کاتیش (إستغفار)یان لۆ بکات، ئینجا پاشان پایەدار(مقام)یان بداتێ (وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ)، واتە ئەوان بەرامبەر پێغەمبەر جۆرێك لە کێشە (إشکالیة)یان هەیە، دەپرسین ئەگەر کابرایەك هەڵە (خطأ)یکی گەورەی نەکردبێت مافی ئەوەی هەیە داوای (عفو) بکات؟ دەبێ هەڵەیەکی گەورەی کردبێت ئینجا داوای (عفو) دەکات، کە داوای (عفو)ی کرد، پێغەمبەریشمان (عفو)ی کرد، واتە پێغەمبەرمان لە مافی خۆی خۆش بوو، دەپرسین ئەی مافی خودای ڕەحمان(ﷻ)؟ نافەرمووێت (عَفَا اللهُ)، باسی خودای تێدا نییە، دەبێ پێغەمبەر بێت و لە جێگەی خودی کابرا خۆی بێت (إستغفار) لۆ کابرای بکات لەلای خودای! ئەوە کابرایەکە لەلایەك، و ئەوەش پێغەمبەرمانە(عليه السلام والبركات) لە لایەکی دی بەبێ وێکچوواندن، ئەو کابرایە بەرامبەر پێغەمبەرمان هەڵەی کردووە، هەڵەش بەرامبەر پێغەمبەر(عليه السلام والبركات) واتە هەڵە بەرامبەر رب العالمین، هەڵەی کردووە ئەمەیان هیچ! داوای (عفو)شی نەکردووە! لەگەڵ ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو دوو سیفەتەی هەیە پێغەمبەرمان: (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ) جا ئەگەر ئەو کەسە داوای (عفو)شی نەکردبێت کەچی ئەو (عفو)ی دەکات، ئەوەتا پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) (عفو)ی کرد، دەپرسین کەسەکە هەڵەی بەرامبەر خودای کردووە یان نەخێر؟ لە وەڵامدا بەڵێ کردوویەتی، ئەو کەسە مافی (إستغفار)ی هەیە؟ نەخێر نییەتی، خودای ڕەحمان ئەو مافەی ناداتە ئەوەی، دەبێ پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) لۆ کەسەکە (إستغفار) بکات، لۆیە دەفەرمووێت: ( فَاعْفُ عَنْهُمْ) ئەوە لە مافی خۆت خۆش بووی، ئەی لەمافی خودای چی؟ (وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ)، ئەوەتا (إستغفار)یشی کرد، هێشتا مەقامیشی دەداتێ (وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ)، بەرزیان دەکات لۆئەوەی سوودمەند بێت لە عەقلیان، ڕاستە کەسەکە کەمتەرخەمی هەبوو، هەڵەی کرد، بەڵام نابێت فەرامۆش بکرێت (وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ إِنَّ اللهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ)(آل عمران159)، ئەوە ئیشی پێغەمبەرمانە(عليه السلام و البركات).

**کەمتەرخەمیکردن ستەمکردنە لە نەفسی کەسەکە خۆی...**

**چارەی چییە؟ بە چەند هەنگاو ئەنجام دەدرێت؟**

دەفەرمووێت"(وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللهِ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُواْ أَنفُسَهُمْ جَآؤُوكَ فَاسْتَغْفَرُواْ اللهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُواْ اللهَ تَوَّاباً رَّحِيماً)(النساء64) هەمان حاڵەتی کە پێش کەمێك باسم کرد بەڵام کەمێك ئاڵۆزتر، دیارە حاڵەتێك هەبووە لە بێ گوێڕایەڵیی(إطاعة) لۆ پێغەمبەرمان، لەبەرئەوەی لێرە باسی پەیام دەکات (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ) نەك (نبي)، واتە ئەوە مافێکی خودای ڕەحمانە، پێغەمبەر(عليه السلام والبركات) پێی ڕاگەیاندووە، نەك مافێکی خۆی بێت وەك (نبي) (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللهِ) کەواتە گوێڕایەڵییەکە کەمتەرخەمی تێدا کراوە لێرە لە بواری (أمر)، (وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُواْ أَنفُسَهُمْ) ئەو کەمتەرخەمییەی ئێرە ئەو (ظلم)ەی بەرهەم دێنێت، ئەو (إطاعة)یەی پێشتر باسمان کرد وەك ئەوەی پێویست بوو نەکرا! چ دروست بوو؟ (ظلم) دروست بوو لۆ (نفس)، کابرا دەبێ چی بکات؟ ئایا دەبێ بوەستێت؟ نەخێر، یەکسەر دێت (جَآؤُوكَ فَاسْتَغْفَرُواْ اللهَ)(النساء64) نەك لە ماڵی خۆی إستغفار بکات! نەك لە گوندی خۆی و نەك لە مەملەکەتی خۆی (إستغفار) بکات، لەبەرئەوەی پێغەمبەر لێرەیە، ئەی چی بکات؟ دەبێ بێتە لای پێغەمبەری (جَآؤُوكَ) و لە پێش پێغەمبەری (إستغفار) بکات (جَآؤُوكَ) ئینجا (فَاسْتَغْفَرُواْ) ئینجا (وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُواْ اللهَ تَوَّاباً رَّحِيماً)(النساء64)، ئەگەر کەسێك بە نموونە وەربگرین کە کەمتەرخەمی کرد، ئایا ستەمی لە نەفسی خۆی کردووە

یان نەخێر؟ کردووەیەتی، ئەی دەبێ لێرە چی بکات؟ دەبێ (إستغفار) بکات، ئایا لە ماڵی خۆی (إستغفار) دەکات؟ ئەمە قبوڵ نییە! بەڵکو دەبێ بێتە خزمەت پێغەمبەری و لەپێش ئەودا (إستغفار) بکات، و داواش لەوی بکات کە یا رسول الله (غفران)م لۆ داوا بکە، ئەو کاتە پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) (إستغفار)ی لۆ دەکات، ئەو (إستغفار)ی کرد، خودای ڕەحمان قەبوڵکردنی (إستغفاری ئەو کەسەی پەیوەست دەکات بە (إستغفار)ی پێغەمبەر! (جَآؤُوكَ فَاسْتَغْفَرُواْ اللّهَ) ئینجا (وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ) لە ئەنجامکەیدا (لَوَجَدُواْ اللّهَ تَوَّاباً رَّحِيماً)(النساء64)، ئەگەر وایان نەکرد؟ ئەو کاتە (إستغفار)ەکە قبوڵکراو نییە.

**بە دەستهێنانی خۆشەویستی خودای ڕەحمان چۆن دەکرێت؟**

بە هەمان شێوە دەفەرموویت"(قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي) تەنیا (إتباع) (يُحْبِبْكُمُ اللّهُ) هەر ئەوەندە؟ (وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)(آل عمران31) تەنیا (إتباع) (يُحْبِبْكُمُ اللّهُ)، تەنها پێغەمبەرە لە کۆی هەمووی (أنبياء) (إتباع) کردنی (محبة)ی خودای ڕەحمانی پێوە بە دەست دەهێنرێت، واتە ئەگەر (إتباع)ی پێغەمبەر کرا (محبة) الله(ﷻ)ی پێوە بە دەست دەهێنرێت، (وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)(آل عمران31).

**هاوڕێیەتی(المصاحبة):**

**کێ دەبێتە هاوڕێی کێ و سوودی هاوڕێیەتییەی پێغەمبەرمان چییە؟**

وشەیەکی دی وەربگرین (مصاحبة) واتە هاوەڵی یان هاوڕێیەتی کردن، لێکۆڵینەوەیەك کراوە بە ناونیشانی (صاحبكم) لەوێ دەڵێت: (إن الصحبة تفيد إنتفاع أحد الصاحبين بالآخر) (صحبة) چییە؟ واتە سوودمەندبوونی یەك لە هاوەڵەکان بەوەی دی، (و لهذا يستخدم في الآدميين خاصة فيقال صحب زيد عمرا و صحبه عمرو ، و لا يقال صحب النجم نجما، او الكون كونا، و أصله في العربية الحفظ و منه يقال"صحبك الله) ئەمانە هەمووی پێناسەی وشەی (مصاحبة)یە، وشەی (مصاحبة و مصادقة لەگەڵ مزاملة) واتە"(صاحب، صديق، زميل) ئەمانە هەمووی مانای تایبەتی خۆیان هەیە لە قورئان، وشەی (صديق) زیاتر بە (خلة) هاتووە: (وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلاً * يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَاناً خَلِيلاً * لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءنِي)(الفرقان27-29)، وشەی (صحبة) لەوانیە یەکێك لە هاوەڵەکان سوودمەند بێت لەوەکەی تر (إنتفاع أحد الصاحبين بالآخر) ئەمە ئەگەر لەگەڵ بەشەر بوو، دەفەرمووێ: (يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ)(يوسف39) بە هەردووکیان دەڵێت (يَا صَاحِبَيِ)، واتە دیارە دوو کەس لەوێ بووە و پێغەمبەر یوسف(عليه السلام) سێیەمیان بووە، گفتووگۆیان لەگەڵدا دەکات (يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ)، لەبەرئەوەی ئەوان سوودمەند دەبن لە یوسف کەواتە ئەوان (مصاحب)ی (یوسف)ن، لۆ زانین یوسف(عليه السلام) هیچ قازانج لەوان ناکات، لۆیە بە وشەی (صحبة) ناوی هاتووە، پاشان لە سوڕەتی (التكوير) دەفەرمووێت: (وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ)(التكوير22)، واتە پێغەمبەر قازانجی لۆ ئەوان هەیە، ئەگەر لۆ ڕۆژی دوایيش سوودمەند نەبن لێی ئەوا لۆ دونیا قازانجی لێ وەردەگرن، (أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُواْ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلاَّ نَذِيرٌ مُّبِينٌ)(الأعراف184)، لە سوڕەتی (التوبة) هاتووە: (إِلاَّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللّهَ مَعَنَا)(التوبة40) دیسان وشەی (مصاحبة) لێرە دووبارە دەبێتەوە، کەواتە وشەی (صحبة) لە قورئان تەنیا لۆ پێغەمبەر هاتووە، چونکە ئەوەی لەگەڵ پێغەمبەری جووڵەی کردبێت، تەنانەت هاوەڵ پەیداکەر (مشرك) و تەنانەت کافر، هەتاکو دووڕووش خێریان لێی بینیوە، ئەو خێرەی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) داویەتی بەو بەبێ بەرامبەر، جا لۆیە هاوەڵیی کردنی پێغەمبەر لۆ هەموو مرۆڤەکانی سەردەمی خۆی هەڵبەتە بە چاکەی مرۆڤەکان کۆتایی هاتووە، لەبەرئەوەی جێشوێنی(أثر) بەم جۆرە بووە هەردەم لە بەخشینی خێر بووە، تەنها پێغەمبەرە بەم ناوەوە و بەم سیفەتەی ناوی هاتبێت، واتە بوونی پێغەمبەرمان لەسەر زەوی سوودی هاوەڵ بڕیاردەریش (مشرك)ی هەبووە.

**بوونی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) لەسەر زەوی ڕێگری ئازارە...**

**لە دوای ئەو چی دەبێتە ڕێگر لە ئازاردان؟**

دەفەرمووێت: (وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ)(الأنفال33) واتە (مشرك)یش دەگرێتەوە، لۆ نموونە پێغەمبەر نوح(عليه السلام) هەبووە، یاخود هود(عليه السلام) هەروەها شوعەیب(عليه السلام) هەروەها لوط و صالح(عليهم السلام) ئەمانە هەموویان هەبوونە ئینجا لەگەڵ ئەمەش نەتەوەکەیان تووشی ئازار و ئەشکەنجە بووینە، بەڵام ئیماندار تێیدا ڕزگار بووینە، ئەی لە سەردەمی پێغەمبەرمان نەخێر بەم جۆرە نییە، بەڵکو بابەتەکە پێچەوانەیە، (مشرك) هەیە (کافر) هەیە، ئینجا دوای

ئەمەش (مشرك محارب) هەیە (كافر محارب) هەیە ئەزیەت دەرە، دووڕووەكە ئازاری دەدات، ئەمانە هەمووی هەن، بەڵام تەنیا بوونی پێغەمبەر لەسەر زەوی ڕێگری ئازارە! (وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ)(الأنفال33) لەبەرئەوەی بوونی پێغەمبەر دیاریكراو و سنووردارە لەیەك سەردەمی دیاریكراو لەسەر زەوی لۆیە دەفەرمووێت"(وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ) بە شێوەی (مضارع) هاتووە، ئەی چەمك و مانای (إستغفار)؟ دەفەرمووێت: (وَمَا كَانَ اللّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ)(الأنفال33) ئەگەر هاتوو لە (إستغفار) وەكو ئەوەی سەردەمی هاوەڵان بێت ئەوكات خودای ڕەحمان ئازاریان نادات، لۆ؟ چونكە هەست بە بوونی پێغەمبەر دەكەن لە لایان.

**سادەترین پێناسەی ئیمان واتە: ژیان لەگەڵ..**

پێشتر باسمان كرد دەربارەی ئیمان بە پێغەمبەرمان گووتمان (بریتییە لە ژیان لە خزمەت پێغەمبەر) وەك ئەوەی كەوا ئێمە لە خزمەت پێغەمبەر دەژین(ژیان) نەك ژین واتە (حیاة)، (الحیاة مع الرسول) واتە (الإیمان بالرسول)، ئەی ئیمان هێنان بە (الآخرة)؟ واتە ژیان لە (الآخرة)، گووتمان ئیمان هێنان بە فریشتەكان واتە ژیان لەگەڵ فریشتەكان، ئەمە پێناسەی سادە و ساكاری ئیمانە. ئەگەر هاتوو كابرا بە كرداریيانە ئیمانی بە پێغەمبەر هەبێت وەك ئەوەیە هەموو كات و ساتێك لە خزمەت پێغەمبەرە، ژیانی بەم جۆرەی دەباتە سەر لە خزمەت پێغەمبەر.

**كاتێك خەڵكەكان سوود نابینن لە هاوڕێیەتی پێغەمبەرەكەیان**

كەواتە: (وَمَا كَانَ اللّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ)(الأنفال33)، چەمك و مانای (صحبة) چەمك و مانایەكی سنووردارە لە سەردەمێكی دیاریكراو و لۆ پێغەمبەرێكی دیاریكراو، تەنیا ئەو پێغەمبەرە ئەو مافەی هەبووە، هەروەها ئەم پلەو پایەیەش دراوەتە ئەو كۆمەڵەی كە بە كرداریی لەگەڵی بووینە، پەیوەندی بە ئیمانەوە نییە، چونكە لێرە دەفەرمووێت: (وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ)(التكویر22) چونكە ئەوان گوتیان ئەوە شێتە، (أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُواْ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلاَّ نَذِيرٌ مُّبِينٌ)(الأعراف184) جنی نییە ئەو پێغەمبەرە! كەواتە ئەوان فەقیرحاڵبوون و نەزانبوون چونكە نەیانتوانی بە باشی سوود لەم (صاحب)ەی خۆیان بكەن كە (مصاحبة)یانی دەكرد، ئەو كەسەی بە پغەمبەر(علیه السلام و البركات)ی دەگووت كەوا جنی هەیە لە لوتكە سوودمەند دەبوو لە پێغەمبەر، لۆیە دواتر دەڵێت: (إِنْ هُوَ إِلاَّ نَذِيرٌ مُّبِينٌ)(الأعراف184)، بەڵام سوودیان لێی نەبینی.

**جیاوازی نێوان (سراجا وهاجا) و (سراج المنیر)؟ و پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) لەكامە جۆریانە؟**

واتە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) وەكو (نور)ێك بێت بەردەوام (نور)ەكەی بداتە بەرامبەرەكەی، بەبێ وێكچوواندن وەكو خۆرێك (ئەمە جۆریكە لە بێ ڕەوشتی كە بڵێین خۆر) چونكە خودای ڕەحمان بە (سراج المنیر) ناوی هێناوە، (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِداً وَمُبَشِّراً وَنَذِيراً * وَدَاعِياً إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجاً مُّنِيراً)(الأحزاب45-46)، خۆر (سراجا وهاجا)یە، بەڵام پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) (سراج المنیر)ە، جیاوازی نێوان (سراجا وهاجا) و (سراج المنیر) ئەوەیە كەوا (وهاج) كە خۆرەكە واتە ڕووناك دەكات بەڵام دەسوتێنێت، هەرچی (سراج المنیر)ە ڕووناك دەكات بەڵام ناسوتێنێت، هەموو كاتێك پێغمبەرمان (سراج المنیر) بووە، (وَدَاعِياً إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجاً مُّنِيراً)(الأحزاب46)، خۆر (سراجا وهاجا)ە، بەڵام هەموو كاتێك پێغمبەرمان (سراج المنیر) بووە، بەڵام ئەو بەستەزمانانە سوودمەند نەبووینە لێی، ئایا (ذنب) و كەمتەرخەمی پێغەمبەرمانە یان كەمتەرخەمی خۆیانە؟ ئەگەر مرۆڤێك چاوەكانی خۆی دابخات بە دەستی ئەنقەسد لۆئەوەی چاوی نەبینێ، ئایا كەمتەرخەمییەكە لە چاوەكانییەتی یان لە ڕووناكییەكەیە؟ ئەوان بەم جۆرە بووینە وەك دەفەرمووێت"(وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ)(التكویر22)، یان (مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ)(الأعراف184)، واتە پێغەمبەرمان هەردەم و نورەكەی داوەتەوە بەڵام ئەوان ڕێگر بووینە و چاوەكانی خۆیان داخستووە.

دێینە خزمەت وشەیەكی دی ئەویش (فضل) بە كورتی پێناسەی بكەین بریتییە لە كردنی چاكە لەگەڵ بەرامبەرەكەی بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی چاكە دانەوەكەی بكات لە بەرامبەرەكەی، بەر لەویش بەبێ ئەوەی هیچ هۆكارێك هەبێت لۆ چاكەكەش، یەكێ: چاكە لەگەڵ ئێمە بكات بەبێ بەرامبەر، ئێمە شایەن (مستحق)ی ئەو چاكەیە نەبین، ئەویش چاوەڕوانی چاكەدانەوەكەی نەكات، بەمە دەگوترێت (فضل)، پێناسەی زۆرە بەڵام بە كورتی ئەمە پێناسەكەیەتی، واتە چاكە لەگەڵ یەكێك بكات كەسەكە لەئاستی چاكەكەش نەبێت و هەروەها ئەو كەسەش نەتوانێت وەڵامی چاكەكەی بداتەوە، بەبێ وێكچوواندن نموونەیەك بێنین، كابرایەك خۆشترین و جوانترین و بە بەرهەمترین باخ و بێستانی هەبێت و بیكاتە دیاری لۆ كوڕەكەی، باخەكەش جۆرەها میوەجاتی هەبێت، لە ترێ و هەنجیر و هەنار و خورما و ئەوەی بە خەیال دا دێت لە نێو باخە هەبێت، جا بە هەزارەها داری تێدا بێت لەم میوەجاتانە، پاشانیش باوكەكە

بڵێیت زەحمەت نەبێ هێشووە ترێیەکی دەدەیتە باوکی خۆت؟ ئینجا ئەو هێشووە ترێیەم بدەیتێ من زۆ سوپاسگوزاری تۆم! سوپاسگوزاری پیاوەتی تۆ و چاکەی تۆمە! ئایا دێتە بەرچاوتان دۆخەکە چۆن چۆنییە؟ بەبێ وێکچوواندن خودای ڕەحمان بەخشش (فضل)ی بەم جۆرەیە لەگەڵ بەندەکانی خۆی، خودای ڕەحمان ئەم هەموو بەخششەی داوەتێ، ئەم هەموو بەرووبوومەی داوەتێ و پاشان دەڵێیت دەکرێ هێشووە ترێیەکم بدەیتێ! خۆ ناخوات! ئایا خودا دەخوات! ئەو ئاژەڵەی ئێمە سەری دەبڕین خودا پارچە گۆشتەکەی ناخوات، دەفەرمووێت: (لَن يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَا وَلَكِن يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنكُمْ)(الحج37) ئەو ئاژەڵەی ئێمە سەری دەبڕین خودامان داوەت نەکردووە بۆ خواردنی تکە و کەباب! ئەی لەبەرچی دەگووترێت لۆ خودایە؟ یان دەڵێین ئاژەڵەکەی لۆ خودای سەر بڕیوە؟ کابرا لۆ خۆیەتی و خێرەکەش لۆ خۆیەتی، ئەم وشانە پێداچوونەوەی دەوێت، لۆ خودای ئەو ئیشەی کرد! دەپرسین ئایا خودا پێویستی بەم ئیشەی هەیە، تۆ لۆ خۆتە، چاکە (صدقة)ی لۆ خودای دەکات، ئایا خودا پێویستی بەم پارەیە هەیە، ئەم زاراوانە جاروبار پێداچوونەوەی لۆ بکرێت باشە، ئەمە بریتی بوو لە (فضل)ەکە. دەفەرمووێت: (اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِراً إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ)(غافر61) وشەی فضل بەجێ دێلین لۆ وانەی داهاتوو.

پرسیار: کەمێك پێش ئێستا باسی (إستغفار) کرا ئەم ئایەتە باسکرا"(وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللهِ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُواْ أَنفُسَهُمْ جَآؤُوكَ فَاسْتَغْفَرُواْ اللهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُواْ اللهَ تَوَّاباً رَّحِيماً)(النساء64) ئەمە لە لایەك، پرسیارەکە لێرەیە ئایا پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) (إستغفار کردنەکانی هەموو کاتێك لێی قەبوڵ دەکرێ؟

وەڵام: بەڵێ.

پرسیار: بەڵام خودا لە ئایەتێکدا دەفەرمووێت"(إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ اللهُ لَهُمْ)(التوبة80)، ئەمەە لەبەرچی؟

وەڵام: ئەو کابرایە ڤیتۆیەکی لە دەستە کە دووڕوویيە، گووتمان (إستغفار) لە (باب الأمر)ە نەك لە (باب النهي) بێت، لۆیە حەز دەکەم وردەکاریتان هەبێت، لە (باب)أمر کابرا کەمتەرخەم (قصور)ی هەبێت لەم حاڵەتە (إستغفار) دەکرێت، (کفر و النفاق و الشرك) لە (باب النهي)یە، وەك دەفەرمووێت"(لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ)(لقمان13) هەرچی وشەی (لا)یە لە (باب النهي)یە، کاتێك ئەو کابرایە دووڕوویی دەکات، ئەم کارەی لە (باب النهي)یە، لۆیە هەرچی لە (النهي)یە (إستغفار)ی لۆ ناکرێت، دەبێ کابرا خۆی بۆ خۆی(توبة) بکات و بێتە سەر ڕاستەڕێ، ئینجا ئەگەر کەمتەرخەمی هەبوو لە ساتی دابەزاندنی ماددە، ئەو کاتە دێتە خزمەت پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) ئەو کاتە پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) (إستغفار)ی لۆ دەکات.

پرسیار: ئایا ئەو (إستغفار)ەی ئەمڕۆ بە زاری دەردەبڕێت ڕاستەقینەکەشی هەمان شێوەیە؟

وەڵام: (إستغفار)کردن دۆخێکی هەستپێکراوی دەروونیی (نفسي)یە، دەبێ بە کردارییانە مرۆڤەکە ئەو دۆخە دەروونییە لە خۆی بێنێتە کایەوە، ئینجا ئەو بارەی کە داواکراوە و پێویستە دروست دەبێت، واتە کە پێشتر  خستمە ڕوو حاڵەتی (إستغفار) هەست بە کەمتەرخەمییەکە بەرامبەر جێبەجێکردنی فەرمانی خودا(ﷻ) نەك لە (نهي) بەڵکو لە (باب الأمر)، باسمان کرد کە (قصور و ذنب)ە، ئەو هەستە ناوەکییە بەرامبەر لایەنی بەرز کە ئەو کەسە کەمتەرخەمە و ئەم هەستە بریتییە لە هەستی (إستغفار). جا ئەمە لە ناخ و ژوورەوە هەڵدەقوڵێت و دێتە سەر زمان، ئینجا (أستغفر الله العظيم و أتوب اليه)، ئەگەر ئەو هەستەی لەگەڵ نەبێت تەنیا قسەیەکی سەر زارە، جا لۆیە پێشەوا (علي)(كرم الله وجهه) کەسێکی بینی هەروەکو حاڵەتی ئێمە سەرزارەکییانە (إستغفار)ی دەکرد، پێی فەرموو ئەو (إستغفار)ەی توو (إستغفار)ی دەوێت، واتە ئەو جۆرە (إستغفار)ەی تۆ (إستغفار)ی دەوێت! کەواتە (ببورن) ژماردنی تەسبیح نە تەسبیحاتە نە (صلاوات) لێدانە نە (إستغفار)ە، بەڵکو (إستغفار) حاڵەتێکی دەروونییە کە دەبێ مرۆڤ هەستی پێ بکات، و لەگەڵی بژییت، هەڵقوڵاوی ئەو هەستەیتی دێتە سەر زمانی، بە وشە دەریدەبڕێت ئەویش بریتییە لە (أستغفر الله)ە.

پرسیار: لە سەردەمی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) کاتێك (ذنب)یان دەکرد، دەچوونە لای پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) ئێمە چ بکەین ئەگەر (ذنب) بکەین یان (عصيان) بکەین؟

وەڵام: ئەگەر تێبینی ئایەتەکە بکەی دەفەرمووێت:(وَمَا كَانَ اللهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ)(الأنفال33) دەربارەی پێناسەی (الإيمان بالرسول) گوتیشمان واتە (ژیانە لەگەڵ پێغەمبەر) (الحياة مع الرسول)، (الإيمان بالرسول يعني الحياة مع الرسول) ئیمان هێنان بە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) هەستێکە لۆ مرۆڤ بوونی هەیە،

وەك ئەوەیە هەموو كاتێك لە خزمەت پێغەمبەرە، خودای ڕەحمان دەفەرمووێت: (وَمَا كَانَ اللهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ)(الأنفال33)، ئەوە ئیشی بوو، جا كە ئەو نەما چی؟ لەلای ئێمە نەماوە! بەڵام ئەی ئێمە گوتمان ئیمان چ بوو؟ (الإيمان بالرسول) واتە (الحياة مع الرسول) واتە ئیمان هێنان بە پێغەمبەر واتە ژیان لەگەڵ پێغەمبەر، بە مانایەكی دی هەردەم هەست بكەین كەوا لە خزمەت پێغەمبەرین، چۆن؟ بە جێبەجێ كردنی فەرمانەكانی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات)، ئەوەتا باسی (إتباع)مان كرد پێشتر، وەك دەفەرمووێت: (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)(آل عمران31) ئەو هەستە هەستپێكراوەییە، واتە ئێمە هەرچییەكمان كرد ئاو هەست بكەین كەوا پێغەمبەرمان ئاوای پێ خۆشە، لۆ نموونە (عبدالله كوڕی مەسعود) سوننەت جێ بەجێ دەكات، هەموو هاوەڵان جێ بەجێیان دەكرد، ئەویش وەكو هەموو هاوەڵان جێبەجێی دەكرد، یەكێك لەم سوننەتانەی كە دیكرد لۆ نموونە لە ساتی پژمین سوپاسگوزاریی (التحميد)ی دەكرد لە هەمان كات زەردەخەنەیەكیشی دەكرد، یەكێك لە ئامادەبووان تێبینی ئەمەی كردبوو، گووتی ئەمە سوپاسگوزارییەكەت سوننەتەو هاتووە بەڵام ئەی زەردەخەنەكەت چی؟ وەڵامی دایەوە: (هكذا وجدت رسول الله) پێغەمبەرم بەم شێوەیە بینیوە، تەنانەت زەردەخەنەكەشی وەرگرتبوو و لەچاوی دەكردەوە، جاروبار (تابعين) تێبینییان دەكرد كە بە گەڕەكێكی مەدینە تێدەپەڕی، تێبینیان دەكرد كەوا لە جێگەی دیاریكراو دەڕوات، بەڵكو قاچی لە شوێنی دیاریكراو دادەنێت، هەنگاوی لە جێگەی دیاریكراو هەڵدێنێت، ئەو كەسەی بەدواداچوونی لۆ كردبوو لێی پرسی گووتی: لەبەرچی قاچت لەم شوێنانە دادەنێیت؟ وەڵامی دایە و گووتی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات)م بینیوە كە لێرە تێپەڕیوە قاچەكانی لە هەمان ئەو جێگەیانە داناوە، كەواتە ئەمە ژیانە لە خزمەت پێغەمبەر، شتەكەشی جێبەجێ كرد، كەواتە وەك ئەوەیە كە پێغەمبەرمان بەرجەستە و تەندار (مجسم)یەكە و لە پێشی ئیشەكەی دەكات، ئەوەیە مناو چەمكی (إتباع)، لەبەرئەوەی دڵی لەگەڵە پێی دەگوترێت (إتباع)، ئەگەر دڵی لەگەڵ نەبوو ئەو كاتە پێی دەگوترێت چاولێكردنەوە (تقليد)، دەبێ ئاگاداری ئەوەبین ئەوكاتەی ژوورەوەی لەگەڵ بوو پێی دەگووترێت (إتباع) (فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللهُ)، بەڵام ئەگەر ژوورەوەی لەگەڵ نەبوو دەبێتە چاولێكردنەوە، لۆیە گەنجەكانمان ئایا (إتباع)ی ڕۆژئاوا دەكەن یاخود چاولێكردنەوەی ئەوان دەكەن؟ بێگومان چاولێكەریی دەكەن، لۆ؟ چونكە زۆربەی شتەكان نازانن لۆ بەم جۆرەیە، ئێستا كاتێك پرچی حەفڕ دەكات نازانێت لۆ وا دەكات! ماوەیەك كاسكێت (شەبقە) دەرچوو خۆی ئەو بەشەی سێبەر لەسەر دەموچاو دروست دەكات دەیانبردە لای دوواوە! كە زۆربەی گەنجەكان وایان دەكرد، پرسیارت لێ كردبایا لۆ وا دەكەیت؟ هۆكارەكەی نەدەزانی، یان موسی لە كابۆی دەدات لە زۆر جێگە، لێی بپرسیت لۆ وا دەكەیت؟ هۆكارەكەی نازانی، ئەمە پێی دەگووترێت چاولێكەریی، ئەوەی دی بریتییە لە (إتباع)، لەبەرچی ئەوە چاولێكەرییە و ئەوەی تریان شوێنكەوتن (إتباع)ە؟ ئەوەی (إتباع) دەكات هەست دەكات بە كردەیی كەوا پێغەمبەر لەبەرامبەرێتی، لۆیە پێناسەی كورت و سادەی ئیمان بالرسول بریتییە لە: (الحياة مع الرسول)، (الإيمان بالآخرة يعني الحياة في الآخرة)، هەروەها ئیمان بە الله واتە ژیان لەخزمەت الله (الإيمان بالله يعني الحياة مع الله).

پرسیار: جیاوازی لە نێوان وشەی برا و هاوەڵ (أخ و صحابة) چییە؟

وەڵام: لۆتانم خستە ڕوو وشەی (صحبة) لە قورئاندا وشەیەكە بەخششێكی بەردەوامە لە لایەنی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) لۆ بەرامبەرەكەی، ئەم وشەیە تەنیا لۆ پێغەمبەر نەهاتووە، بەڵكو (أصحاب الفيل و أصحاب النار و أصحاب الجنة) هاتووە تیایدا، بەڵام لۆ پێغەمبەرمان بە (سراج المنير) هاتووە، پێغەمبەرمان (سراج المنير) بوو لۆ هەموو بەرامبەرەكانی، هەموو بەرامبەرەكەی بەخشش (عطاء)ی لە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) وەردەگرت، كەواتە (صحبة) بەم جۆرەیە، ئەی برایەتی چییە؟ هێشتا لە (صحبة) بەرز ترە، لۆیە فەرموویەتی: (إشتقت و لإخواني).

پرسیار: باسی (النهي)یت كرد، ئەگەر مرۆڤەكە ئەنجامی بدات ئەوا تووشی (عصيان) دەبێت، و (عصيان)یش پێویستی بە تۆبەیە، تۆبەش واتە جارێكی دی نەیكاتەوە، ئێمە ئەو ئیماندارە نین كە قورئان باسیان دەكات، لە ژیانی خۆمان زۆر جار (عصيان)مان كردووە و تۆبەش دەكەینەوە، لۆ نموونە لە (باب النهي) خودای ڕەحمان فەرموویەتی كەوا (غيبة)ت مەكەن، یان شتی دی مەكەن، ئێمە كردوومانە و تۆبەشمان كردووە، واتە چۆن چارەسەری ئەو شتەی بكرێت؟

وەڵام: بە ڕوون و ئاشكرایی ئەوە كێشەی ئومەتی ئیسلامییە نەك بە تەنیا هی بەڕێزتان بێت، لەبەرئەوەی بە كردارییانە وەكو پێویستە مرۆڤ دەبێ بە سێ قۆناغ دا تێپەڕێت:

یەكەم: دەبێ خۆی بناسێت، لە ڕووی هێز و توانستی خۆی، ئینجا دەبێ خودای ڕەحمان بناسێت، هەركاتێك لەم ئاستەی كە پێویستە خۆی ناسی ئاشنایی لەگەڵ خۆی پەیدا كرد و خۆی ناسی بە هەمان شێوە ئاشنایەتی لەگەڵ خودای ڕەحمان

پەیدا دەکات، هەرکاتێك دۆستایەتی بە کردارییانە لەگەڵ خۆی کرد ئەوا دۆستایەتیش لەگەڵ خودای دەکات، کەی خۆی خۆشویست ئینجا خودای خۆشدەوێت، لەبەرئەوەی ئێمە ئایینمان بە هەڕەمەکی وەرگرتووە، زۆربەمان ئایینمان لە دەرگەی مزگەوتەوە، ئایینمان لە دەرگەی نوێژەوە، یان ووتار(خطبة)یەوە، یان لە دەرگەی ئیسلامیاتەوە ئایینمان وەرگرتووە، لە مزگەوت قورئان فێرکراوین، وانە (دروس)مان وەرگرتووە، ئەمە هەمووی پێی دەگوترێت زانیاریی (معرفي)، ئەگەر زۆر زۆر بەرز بین ئەوا ڕۆشنبیری ئایینیمان هەیە، زانیاری (معرفة)ی ئایینیمان هەیە، بەڵام ئایا ژوورەوەمان گۆڕاوە؟ ئەوە جێگەی تێبینییە، ئایا ئایین دێت تەنیا دەرەوی مرۆڤەکەی دەگۆڕێت؟ یان ژوورەوەشی دەگۆڕێت؟ پرسیارێکی لەمەش ووردتر هەیە ئەویش: ئایا ئایین دێت مرۆڤ دەکاتە خواپەرست یان خوا ویست؟ سوژدەو کڕنوش لۆ خودای ببات (بە گوێرەی تێگەیشتن بۆچوونی خۆی) کە کەمێك پێش ئێستا باسی (إستغفار)مان کرد، یان بە کردارییانە خودای ڕەحمانی خۆش بووێت؟ جا لەبەرئەوەی ئێمە لە ڕێگەی پەرتووکەکان و وانەبێژییەکان بووینە موسڵمان، و وەکو سەردەمی هاوەڵان نەبووینە موسڵمان! بە ڕێگەی ئەوان نەبووینە موسڵمان لۆیە ئەو بینەو بەردەیەی کە بەڕێزتان باسی دەکەن تووشی بووینەو تووشیشی دەبین بەردەوام! واتە زۆ رکەس هەیە لەوانەیە بەمنی گووتووە چاویلکەیەك هەبووایا بە هۆیەوە هیچ شتی خراپم پێ نەدیبا، خۆزگە شتێك هەبووایا زمانی گرتبام کاتێك دەمەوێت باسی خەڵکی بکەم، ئەمان هەمووی چارەسەرییەکانی دەرەکییە، ئەگەرچی پێی دەکرێت بە کردارییانە ئەو چاویلکەیە لۆ چاوی دروست بکات، بەڵام ئەمە چ کاتێك؟ (قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ)(النور30) کەواتە چاویلکەکە و پاڵاوگە (فلتر)ەکە ئیمانەکە دروستی دەکات، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِّنَ الظَّنِّ) پاشان (وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضاً)(الحجرات12) کەواتە ئیمانەکە بنچینەیە لۆ کردارەکە، لۆیە سادەترین پیناسەی ئێمە لۆ ئیمان بریتییە لە ژیان لەگەڵ... (الحياة مع...) ئەگەرهاتوو ئێمە بە کردارییانە هەموومان هەست بکەین ئێستا خودا لێرە هەیە، پێغەمبەرمان لێرە ڕاوەستایە، و دەمانەوێت هەڵەیەك بکەین، گوناهێك ئەنجام بدەین، و پێغەمبەریش تەماشامان دەکات، ئامادەیی ئەنجامدانی ئەو هەڵەیەمان دەبێت؟ هیچ کەسێك هەیە ئامادەبێت؟ ئەگەر لێرە هەستمان کرد بە کردارییانە ئێمە لە خزمەت خودائینە، ئایا خودا ئامادەیە یان نا؟ با بڵێین پێغەمبەرمان ئامادە نییە، بەڵام خودا ئامادەیە، دەی ئێمە لەگەڵ خودای ڕەحمان ئاشنایەتیمان لەو ئاستەی نییە! بەو جۆرەی کە پێویستە خودای بناسین خودامان نەناسیوە، کێشەی ئێمە ئەوەیە کەوا ئێمە وەکو هاوەڵە بەڕێزەکان بە هەمان حاڵ تێنەپەڕیوین! جا لۆیە گوناهـ دەکەین و تۆبەی دەکەین، جا لۆیە گوناهـ دەکەین و تۆبەی دەکەین، مامۆستایەکانیش خودا لێیان ببورێت، نەهاتوون بڵێن کەوا تۆبە لە (عصيان)ە و (ذنوب) (إستغفار)ی لۆ دەکرێت، واتە (عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « وَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ لَوْ لَمْ تُذْنِبُوا لَذَهَبَ اللَّهُ بِكُمْ وَلَجَاءَ بِقَوْمٍ يُذْنِبُونَ فَيَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ فَيَغْفِرُ لَهُمْ »)(مسلم)، نەیفەرمووە (لو لم تعصوا)، مەی خواردنەوە (عصيان)ە، کوشتن (عصيان)ە، قومار (عصيان)ە، سوو وەرگرتن (عصيان)ە، ئەمانە هەموو عصیانن، هەمووی لە (باب النهي) ئیشی پێکراوە، بەڵام ئێمە هەڵساوین کردوومانن بە (باب الأمر)! کێشەمان ئەوەیە زاناکانمان جێگەی وشەکان دەگۆڕن! جا ئەو مامۆستایە بە گەنجەکە دەڵێت ئەگەر تۆ ڕۆژێ (70) جار ئەو (عصيان)ەت کرد ئەوا قەیناکا! لۆ زانین بابەتەکە کەمتەرخەمیی (قصور)ە، لە (باب الأمر)ە، کێشەی ئێمە ئەوەیە، جگە لەمەش ڤیتۆی دیشیان لۆ داناوین وەك ( لە هەینی لۆ هەینی (كفارة لما بينهما) یان (العمرة الى عمرة كفارة لما بينهما) یان لە ڕەمەزان لۆ ڕەمەزان بەهەمان شێوە، واتە کابرا بکوژێت و بخواتەوە یان هەرچی بکات... مادام دەچێتە عومرەیەك ئەوا هەمووی خاوێن دەبێتەوە! ئەوە بریتییە لە ڤیتۆ! خۆشە دەرفەتی نەبێت بچێتە عەمرەی ئەوا یەکێك لە جێگەی خۆی دەنێرێتە عەمرەی، یان دەرفەتی حەجی نییە یەکێك لە جێگەی خۆی دەنێرێتە حەج، دەرفەتی نوێژی نییە یەکێك ئامادە دەکات نوێژی لۆ بکات، ئایین ئاوای لێهاتووە، جا دەپرسین هاوەڵێك لیرە بووایا ڕەزامەندی لەسەر ئەمە دەبوو؟ یان پێغەمبەرمان ئاوای قەبوڵ دەکرد؟

پرسیار: دەربارەی (ذنوب) خودا دەفەرمووێت"(فَأَخَذَهُمُ اللهُ بِذُنُوبِهِمْ وَاللهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ)(آل عمران11) بە ذنوبیان وای لێکردن؟

وەڵام: بەهیلاك بردنەکەیان لە (باب)ی چییە؟ ئایا (باب الأمر)ە یان (باب النهي)یە؟ ئایەت بە پچڕ پچڕیی وبڕینەوە وەرناگیرێت، هەردەم لە بابەتەکات ئایەتی پێش و پاش هەیە لە بابەتەکان، لۆ نموونە دەستێك ببڕیتەوە و لە مۆزەخانە دایبنێییت لەبەردەم خەڵکی و لە خەڵکە بپرسیت ئەوە دەستە ئەوا لە وەڵامدا دەڵێن بەڵێ دەستە! بەڵام چ جۆرە دەستێکە؟ دەستێکی مردووە، دەستێکە لە نێو مۆزەخانە دانراوە و جووڵەی نییە، هەرکاتێك ئایەتمان بڕییەوە و پچڕپچڕمان کرد ئەوا هەمان شتی بەسەردێت، ئەوە ڕاست نییە و لە لای من حەڕامە کەوا (قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُون)(الزمر9) ئەوە بنوسرێت و لە دیوار هەڵبواسرێت، ببورن ئەمە لەلای من حەڕامە، لۆ؟ چونکە پچڕێنراوە (قطع)

کراوە، ئەوە لۆچی بەکاردەهێنرێت؟ لە زانکۆکان و پەیمانگەکان و کۆلێژەکان و و لە وەزارەتی پەروەردە، لەبەردەم دەرگەکان هەڵدەواسرێت، ئایا خودای ڕەحمان لۆ ئەمەی دابەزاندووە؟ بەڵکو فەرموویەتی"(أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاء اللَّيْلِ سَاجِداً وَقَائِماً يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ)(الزمر9) بەم جۆرەیە، کێشەی نەتەوەی ئیسلامی بڕین (قطع)ی ئایاتە! ئەوکاتیش هەموو مانای دەگۆڕێت، لۆیە زۆر پێویستە ئێمە بزانین کەوا (إستغفار) لە (باب الأمر) هاتووە یان نا، (عصیان)یش لە (باب النهي) هاتووە یان نا؟ لۆ نموونە ئەگەر بە کردەیی پێغەمبەرمان (ذنوب) کە لە (باب الأمر) بوو بە کردەیی بەڵام ئەو (أمر)ە نەگەیشتبێتە ئاستی ژێرەوە چونکە ڕیزبەندیی (تسلسل)ی هەیە، کە پێشتر لۆم کردووەتی بە چەند ساڵێك، بە ڕیزبەندی لە (باب الأمر) دێیتە خوارەوە دەگەیتە حاڵەتێك، ئەگەر بە ڕیزبەندی دابەزین (ترتیب النزول القرآن) لۆی بڕۆیت ئەوا بە وردەکارییەوە کردەییانە نەخشەکە لەبەرچاوت ڕوون و ئاشکرا دەبێت، کەواتە (باب الأمر) دەیگەێنێتە کردەییانە (ذنوب) وا دەکات کەوا مرۆڤ بچێتە جەهەنەم (پەنا بەخوا)، زۆرجار کابرا وای لێدێ لە (باب العصیان) تۆبە دەکات، ئەو گوناهەی دەییاتە بەهەشت، چۆن؟ ئایا گوناه مرۆڤ دەباتە بەهەشت؟ چۆن؟ تۆبە دەکات، بەڵام تۆبەیەکی نەصوح، ئەی (عبادة) مرۆڤ دەباتە جەهەنەم؟ بەڵێ ئەگەر پەرستشەکانی بە ڕووپامایی (الرياء) بێت، لۆیە گرنگە ئێمە نەخشەی پەروەردگارییانە (الرباني) لەبەرچاومان بێت.